عێراقچی: ئێران پێداگرە لە هەموو بوارەکانی بەرژەوەندی هاوبەشدا پەیوەندی دۆستانەی خۆی لە گەڵ عێراق پتەوتر بکات

وەزیری دەرەوەی ئێران وتی: کۆماری ئیسلامی ئێران پێداگرە لە هەموو بوارەکانی بەرژەوەندی هاوبەشدا پەیوەندی دۆستانەی خۆی لە گەڵ عێراق زیاتر پته وتر بکات.

عەباس عێراقچی لە بەرنامەی ئێکس ک□موت□□ع بەدواداچوونی بۆ کردووە نووسیویەتی: پیرۆزبایی لە نەتەوەی برا و حکومەتی عێراق دەکەین کە سەرکەوتووانە هەڵبژاردنێکی ئەمن و ئارامی پەرلەمانی بەڕێوەبردووە.

ڕایشیگەیاند ئەم هەڵبژاردنانە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق و پاراستنی سەروەری و ئاسایشی ئەم وڵاتە.

وتیشی: کۆماری ئیسلامی ئێران سوورە زیاتر پەیوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ عێراق لە هەموو بوارەکانی بەرژەوەندی هەردوولا پتەوتر بکات.